بریتانیا هاوپاتیانی خۆی ئاگادار دەکاتەوە لە ئەگەری هێرشی تیرۆریستی لە وڵاتی سوید

بریتانیا هاوپاتیانی خۆی ئاگادار دەکاتەوە لە ئەگەری هێرشی تیرۆریستی لە سوید دوای سوتاندنی قورئانی پیرۆز.

وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە بەیاننامەیەکدا ڕژێی یەکشەممەی ڕابردوو ڕایگەیاند، "دەسەڵاتدارانی سوید سەرکەوتوو بوون لە پوچەڵ کردنی هەندێک لەو هێرشانەی پلانیان بە داڕێژرابوو و ژمارەیەک کەسیان دەستگیرکردووە"، هاتووەش، "پێویستە لەم کاتەدا زیاتر وریا بین، ئەگەری زۆر تیرۆریستان هەوە بدەن هێرشی تیرۆریستی لە سوید ئەنجام بدەن و ئەو شوێنانەی کە بیانییەکان سەردانیان دەکەن ئامانجی شیاون".

ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی سوید، هەنریک لاندهەم لە بەیاننامەیەکدا پشتڕاستی کردەوە کە نمایشکانی گەشتکردنی بریتانیا گەڕاوە دوای ئەوەی هەڕەشەکان لە سوید زیادیان کردووە لەدوای سوتاندنی قورئان.

لاندرهەم وتیشی:" هەڕەسەنگاندنی مەترسییەکان لەسەر بنەمای هێرشکەی 19ی مانگی حەوت بە سەر باڵیۆزخانەی سوید لە عێراق و هەوەی هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەکەمان لە لوبنان لە 9ی ئەم مانگەو هێروەها تێقەکردنی سەر کارمەندێکی کونسوڵخانەی سوید لە تورکیا لە سەرتای مانگی هەشت جێی

نیگرانین".

لەلایەکی ترەوە حکومەتی ئەمریکا هەشداری داوە لە ئەگەری هەرشی تیرەریستی لە سوید.

لە ماوەی ڕابردوودا چەندین جار ڕووداوی سوتاندنی کەپی قورئان لە سوید ڕوویاندا، کە بووە هۆی شەپۆلێکی گەورەی توڕەیی لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا و جووڵە دیپلۆماسییەکان کە ناڕازایی خۆیان لە دژی دەسەڵاتدارانی سوید دەربڕی بە ڕەگەدان بۆ جەرە ڕووداوانە.